# منداڵان لە گێژاوی ئایدۆلۆژیاو ئایندا غەرق مەکەن !

**ریبوار عارف**

fediraq@welho.com

بلاوکراوەی ئاسۆ لە ژمارە 135، بەرواری 4 / 9 / 2005 دا بابەتێکی بلاوکردەوە بە ناونیشانی ( قونسوڵی عیراق لە ئەلمانیا ڕازی نابێت منداڵێک ناوبنرێت (فیدراڵ )ی بلاوکردەوە. ئەگەرچی ئەم بابەتە کورت و لە شکڵی گوزارشتە هەوالیکدا بوو، بەلام ناوەڕۆکی بابەتە جێگەی سەرنج و تیارمان بوو، بۆیە بە پیویستمانزانی لەو بارەوە هەلویستەیەک بکەین. نووسینی ئەم بابەتە لەلایەن ئیمەوە نە ئاراستە بە باوکیکە کە ئەو کارەی ئەنجامداوەونە هیچ ڕەخنەیەکی تایبەتم لەو کەسە هەیە کە ناوی منداڵەکەی خۆی ناوناوە( فیدراڵ ). ئەوەی سەرنجی من رادەکیشیت تەنها کردەوەی باوکیک نیە ، بەقەد ئەوەی کە ئەم بابەتە لە ڕووبەری ڕۆژنامەیەکی وەک ئاسۆدا بلاودەکریتەوەو تازە لەیەکەمین لاپەڕەشدا ئامادە نەکرایە وەک گرنگترین بابەتەکانی ڕۆژنامە ڕەنگە زۆر جێگەی سەرنج نەبووایە . هەر بەو دەلیلەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی ئاستێکی کۆمەلایەتی و فراوان لەخۆ دەگرن دیارە جێگەی تیارامان و هەڵوێستگرتنێکی تایبەت ترن . چونکە بە دەر لە هەرنیەتیکی رۆنامەی ئاسۆ دەوری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پەرەپێدان بەم سوونەت وشیوازو پێشیلکاریانەی ماف وئازادیەکانی ئینسان دەبێت جیگەی سەرنج بیت. جیاواز لە هەموو ئەمانە لایەنی سەرەکی و گرنگتر کە بۆ ئیمە جێگەی سەرنجەدانیکی زیاترە، هێماکانی پشت ناولێنانی منداڵانە لەم وولاتانەدا . بۆیە ناچارین ئاماژەیەک بە یەک دوو پەرەگرافی ئەو ڕاپورتە هەواڵە بکەین تا بتوانین ڕۆشنتر پەردە لەڕووی کۆدەکانی پشت پەردەی ئەم کردەوانە هەلمالین. کەواتە با پیکەوە سەرنجیکی نووسراوەکە بدەین. ئاسۆ، گۆشەیەک داستانی ناولێنانی منداڵێکی تازە لە دایکبوو لەزمانی باوکی یەوە بەم شێوە دەگێڕیتەوەکە دەڵی: ( ... لەکۆتایی مانگی ئاب کوڕێکمان بوو بەهۆی چەسپاندنی فیدرالی لەڕەشنووسی دەستووری عیراقدا ناوم لێنا (فیدرال) بەپێی یاسای ئەحوال شەخسی ئەڵمانیا ئەگەر ناوێک لەمنداڵ بنرێت بە وڵاتەکە ئاشنا نەبێت دەبێت باڵیۆزخانەیەک پشتگیری لێبکات کە لەوڵاتەکەی ئەو ناوە بۆ مرۆڤ شیاوە. پاشان ئەو کەسە دەچیتە لای قونسوڵخانەی عیراق لەئەڵمانیا بەرپرسیکی قونسوڵی عیراق ڕازی نەبوو بەناوەکە وتی ناوی وا لەعیراق و کوردستان نییە منیش وتم: من لەبەر ئەو هۆیە ناوم لێناوە فیدرال... وتی ناوەکەی بگۆڕە بۆ هەر ناوێکی کوردی بەڵام من رازی نەبووم... پاش قسەوباسێک لەمبارەوە دواتر بەناچاری قونسوڵی عیراق نوسراوەکەی بۆ ئیمزا کردم ) . بەرلە هەرشتێک یاساکانی ئەحوال شەخسی یا مافەکانی منداڵانی وولاتانی ئەوروپا بە ئەلمانیاشەوە، یاساو ڕێسایەکی گشتگیرە. ئەگەرچی کەدیتەسەر زۆرێک لەو مافوئازادیانە بۆ خارجیان، ئیتر زۆرجار تێزو سیاسەتی (نسبیەتی فەرهەنگی) دەبیتە دیواری جیاکردنەوەو نیشاندانی هیماکانی نابەرابەری و بەهیزکردنی فەرهەنگ و جیهانیکی کۆنەپەرستانە لەم کۆمەلگایانەدا .ئەگین بەدەر لەمە ئەساسی زۆرێک لەم یاساو مافانە لەسەر بنەمای ڕێزو بەها ئینسانەکان و ماف و ئازادیە فەردی ومەدەنیەکانی بنیادنراوە! بائێستە بگەڕینەوە بۆ لای ئەو یاسا تایبەتەی کە قونسۆلی عیراق لە ئەلمان مەبەستیەتی کە ئەمە چوارچێوەی یاساییەکەیەتی : (ناکرێت ناوێکی نەگونجاو لە کەسێک بنرێت، یان بەجۆرێک بێت کە ئەو کەسە ڕۆژگارێک پێ ی نیگەران بێت). دیارە جۆرەها یاسای تری لەم چەشنە هەیە کە بۆ دیاری کردنی سنووری یاسایی مۆلەتی ناولێنانی منداڵ دانراوە، بۆ نموونە دەڵێت (ناوی فامیلی نابیت بۆ ناوی یەکەم. نابێت هیچ کەسێک لە دوو تا سێ ناو زیاتری هەبێت ....) کەواتە بابزاین قونسولی عیراق ....... بۆیە کێشەکە ئەوەنی یە کە قونسۆلی و بالوێزخانەکانی عیراق لە ئێستەو ڕابردودا لەبەرامبەرە بەم حالەتانەدا چۆن هەڵوێستەیان گرتووەو چی یان کردوە. قسەکە ئەوەیە کە نە لە یاساو ڕیساکانی بەعسدا شتیک هەبووە بە ناوی بەهای ئینسان و ماف ئازادیەکانی یەوەو نە چاوەڕوانی یەکەش ئەوەیە. ئاخر لە وولاتیکدا پاش سەدان سال هیشتا یاساو کەس و نیهادیک نەبیت ئەوەی بۆ پرسیار بیت کە ئاخۆ تا کەی دەبیت هەر لەیەکەم رۆژەکانی لەدایک بوونەوە ( کۆیلایەتی _ عبد ) بە گوی و هەست و نەستی منداڵانە بدەن و

کۆیلایەتی بکەنە بەشیک لە لوژیکی بیرکردنەوە ژیان بۆ ئینسانەکانی نیو ئەم کۆمەلگایانە . ئیتر سەیر نیە کە بالویزخانەو قونسولەکانی ئەم وولاتە بە چ گالتەجاری یەک تاوتۆی مافی ناولینانی مندالان بکەن . بەلی هەمومان بەوە ئاشناین کە لە وولاتانی خۆرهەلاتی ناوڕاست و بەناو ئیسلامی ناسراوەوە ، ووشەی (عبد) کراوەتە پێشگری ناوی سەدان هەزار ئینسان وبەشێکی خەلکی ئەو وولاتە بە ( عبدللە، عبدلرحمان، عبدلباسط ، عبدلمجید ... ناو نرابێت. بۆیە ئیتر ڕەنگە ئاسای بێت کە لەگەورە بوونیشدا کێشەیەک لە چۆنیەتی ناولینانی مندالان نەبینرێتەوە. خۆ ئەگەر قسە بێتە سەر قونسولی یەکانی حکومەتەکەی ژێر سایەی ڕەحمو بەرەکەتی جەعفەری و دەستەو تاقمەکەی یا لە باشترین حالەتدا بلین دەستوورێک کە ئەم ڕۆژانە بازاری گەرمە، ئەوکات پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆ قسە لەسەر کام ماف وبەهای ئینسان کراوە تا ئیستە بیر لەوە بکرێتەوە کە سەفارەتەکانیان دەبێت چۆن مامەلە لەگەل یاساو ڕێسا مەسەلە پەیوەندارەکان بە مافوئازادیەکانی ئینسانەوە بکات . حکومەتێک کە ((ئیسلام ئایینی فەرمی دەولەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان )) بزانیت، ڕەنگە ئیتر بی هودەبیت قسەکردن لەسەر ماف وبەهای مندال لە فایلی بالویزخانەو قونسولی حکومەتیکدا کە بە پێی ڕێنویەکانی شەریعە دەجوولیتەوە. کەواتە ئیتر ئاراستەی باسەکە کەسان و فەرمانبەرانێک کە لە قونسولەکانی ئەم حکومەتە ئیسلامی یەدا چی دەلین و چۆن ترجمەی هەر یاساو ڕیسایەکی ئەم وولاتانە دەکەن و چۆن بەویست وئارەزو خاترو خۆتری خۆیان بکەنە پیوانە. مەسەلەیەکی تر لەبارودخی ئەمرۆدا بۆ چۆنیەتی مامەلەکردنی کارمەندو لیپسراوانی قونسول ئەوەیە ، بۆئەوەی نەکەنە کی بەرکی ی گواستنەوەی شەڕی فیدرال و نا فیدرال بۆ ژیر سەقفی قونسولەکانیان ، چاتروایە کە هەر بەجۆرە لەنیو خۆیاندا ڕێککەون تا شکی شەرو دانجیرکردنەوەی تایفی و قەومی ناو مجلیسی وەتەنی نەهینرێتە ناو کونسولەیەکانیان و بەجۆرە باوکێکیش سەرپشک بکەن بۆ دیاری کردنی ناوی مندالەکەی ئەگەر بە نرخی سووکایەتی کردنیش بێت بە ئایندەی ئەو ئینسانە . بەلام بەدەر مامەلەودواین بریاری نیوان باوک وکارمەندانی قونسولی عیراق لەئەلمان ئاخۆ ناولینانی مندال بۆخۆی چی بیت؟ بەبروای من ناولینان هەندیک جار دەتوانیت هیمایەک بیت بۆ نیشاندانی کەسایەتی مرۆڤ . ناو دەتوانێت جێگەی ڕێزی هەر کەسێک بێت یان بە پیچەوانەوە دەکرێت ناو بیرخەرەوەو هێمای درندەترین کەسیش بێت وەک سەدام وخومەینی و ..... بۆیە دەلین بەدەر لەوەی کە ئاخۆ دەبێت پیرۆزی و بەهای فیدرال و فیدرالیزم چی بێت وچ پەیوەندیەکی بە چارەسەر کردنی ئایندەی کێشەی خەلکی کورد زمانەوە هەبێت و یا هەر ئێستە چ ڕێژەیەکی خەلکی کوردستان دلیان بەم چەمکە خۆشکردبێت . قسەکە ئەوەیە کەئاخۆ کەسێک چۆن جگەرگۆشەکەی خۆی ناو دەنێت ( فیدرال ) ؟ کە بە دلنیای یەوە لایەنێکی تری ئەم مەسەلە تیروانین وجیگەو ڕیگەی مافە ماف ! ئاسای یە لە روانگەیەکی پاتریالکالی و باوک سالاریدا ، ئەوە باوکە دواین بزماری خۆی بەسەر هەر بریارێکدا دادەکوتێت چۆن بیەویت بریار لەسەر هەردیاریدەیەک بدات دەدات . گرنگ ئەوەیە کە ئەو باوکەو بۆی هەیە بەهەر شیوەیەک کە بیەویت و خۆی ئارەزوی بکات ژیان و کەسایەتی مندالەکەی ئاراستە بکات .ئیتر بۆیە ئەو دەبێت ئەوە دیاری بکات کە تەنانەت جلی مدالەکانی چ ڕەنگێک بێت و چ خواردنێک بخۆن و لەکام گەشت وگوزەری قوتابخانەکاندا بەشداری بکەن و .... هەر وەک ئەوەی کە ئەوە پیاوە کە سنووری هاتووچۆکردن بۆ خیزانەکەی دابینیت و تەنانەت دەبێت بریار دەربێت لەوەی کە دەبێت بخوێنێت یان لە مالەوە بێت ، کاربکات یان ژیانی لە مەتبەخدا بەسەر بەرێت. ئەوە باوکە سنووری خۆشەویستی کچەکەی دیاری دەکات و ڕیگەی پی دەدات کە ئاخۆ دەبێت کچەکەی سەر ئەنجام لەگەل کیدا ازدواج بکات . دیارە گەورەترین و سەرکی ترین پرسیاریش ئەوەیە کە ئایا (( خۆی یە یا بگانەیە، کوردە یان عەرەبە ، ئیسلامە یان مەسیحی یە .... ) بەهەرحال سنووری دەستەلاتی باوک مەگەر هەرخوا بۆ خۆی بزانیت چ فراوان و کۆنەپەرستانەیە. لە کاتیکدا کە لەم وولاتانەدا ماف و ئازادیە فەردی ومەدەنیەکانی ئینسان سنووری زۆریک لە بەهاکانی ئینسان ومافەکانی تاکی دیاری کردوە نەک باوک و براو لیپسراو باوەگەورە، نەک داب ونەریت وخواو قورئان وشەریعەت.

بەلام ئەوەی کە لەپشت ئەم ناولێناوە خەوتووە، ئایدۆلۆژیاو دنیایەک فەرهەنگی کۆنەپەرستانەو نا ئینسانی یە، فەرهەنگی باوک سالاری و پاتریاکالستی یە، فەرهەنگی ناسیونالیزمە ، فەرهەنگی سووکایەتی کردنە بە بەهاو کەسایەتی مندال، فەرهەنگی ئەقلەتیکە کە نامۆیە بە یاسا ئینسانیەکانی ئەم وولاتانە. یاڕەنگە لە دواین ئیزگەدا گۆشەیەک لە فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی نالسیونالیزم بێت کە هەموو جیهان لە کونە دەرزی قەومگەری یەوە دەبینیتەوە . تۆ بلێت ئەو باوکانە بیریان لەوە کردبیتەوە ئەگەر ناوەکەی بووە ڕەمزی سوکایەتی پێ کردن و سەرزەنیشت ، یا لایەنی کەم ئەگەر ناوەکە بووە هیمای وەبیرهینانەوەی دیاریدەیەکی نەشازو دزێو ... من لەوە حالی دەبم کە کەسانیک ناوی مندالەکانیان دەنین ( بۆش ، بلیر ) . ئاخر بەلای قەومگەرای یەوە هەرچی شتێک بۆنی ئەوەی لی بێت کە ڕەنگە قەومی ئەو بپارێزێت ، ئیتر ئەوە مەزن و جێ ساتیش و پیا هەلدانە بابەنرخی هەر مال ویرانی و کوشت و کوشتاریک بۆ هەر کەسانیکی تر تەواو بووبیت. هەر ئەم لوژیکەیە ئیستەشی لەگەلدا بیت کراوەتە لەمپەری دەست راگەشتنی ئینسان بە ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی خۆی. دەنا دەبوو ئەو باک و بەرپرسانە ئەو چاکبزانن کە کاتیک بۆش و بلیر هیرشیان کردە سەر خەلکی عیراق، هەر ئەوکات دەیان ملیون ئینسان لەسەرتاسەری جیهاندا بۆش وبلیریان وەک دژی ئینسانی ترین بوونەوەر ناساندو نەفرەتیان لێ کرد. ئاخۆ ئەو باوک و بەرپرسە چۆن بیر لە خۆی دەکاتەوە یا پیچەوانەکەی دەبێت ئەو مندالە چ ڕێزیک لەو باوک و بەرپرسە بگرێت کە لە قوناغی لێپرسینەوەدا هەستیان بە ئەکەرکانی سەر شانی خۆیان نەکردبێت و لەمەش زیاتر لە چاویلەکەی ئایدۆلۆژیاوە سەیری خۆشەویستی جگەر گۆشەکانی خۆیان کردوە. ئاخر ناونانی مندال بۆ دەبیت ( فیدرالی ، خودمختاری ، ئوتۆنۆمی ، تۆ بلیت ئەو باوک و بەرپرسانە بیریان لەوە کردبیتەوە کە ئەگەری سبەینی ئەم دۆخەکە بە قیمەتی جیابوونەوەی کوردستان کۆتای هات ، ئایا ناوی مندالەکانیان دەگورن یان .... ؟ ) یا نەخیر ئەگەر سالی (( 2007 )) مندالێکی تریان بوو ئەوە ناوی دەنین 58 چوونکە بووەتە (ڕەمزی دیاری کردنی چارەنووسی دڵە داماوەکەی کوردستان) ؟. بۆیە هەروەک ئاماژەمان پێ کرد کیشەکە تەنها ئەوە نیە کە مندالانمان چۆن و بە چ پیوانەیەک ناو لێ دەنین ؟ بەلکو گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە لە پشت ناولینانی مندالانەوە ئایدۆلۆژیایەکی قیزەون هەیە کە دەکریتە پیوانەی دیاری کردنی خۆشەویستی جگەر گوشەکانمان .

لە کۆتایدا ماوەتەوە بلیم کە ناولینانی مندال چەند پەیوەندی بە منی بەرپرس یا باوکەوە هەیە ، ئەوەندەش مافیکی پاریزراوی مندالەکانمانە لەلامان و کەسانیک ئەگەر بیانەویت خۆیان لە نارەزایەتی ئایندەی مندالەکانیان بپاریزن ، ئەگەر بیانەویت نەبنە قوربانی کۆنەپەرستانەترین داب و نەریت ، ئەگەر بیانەویت خۆشەیویستی مندالەکانیشیان بە پیوانەی دین و بیروباڕ نەپێون ، ئەگەر بیانەویت بەرپرسیاریەتی خۆیان سەبارەت بەو یاساو ڕێسایانە نیشان بدەن کە ڕێز لەبەهاو کەسیایەتی خۆمان و مندالەکانمان دەگرێت ئەوا پیویستە ناوێک بۆ مندالەکانمان دەستنیشان بکەین کە ئەمڕۆ و سبەینیش نەبێنە جیگەی سەرزەنیشت و تانەی کەس و نەکەوینە بەردەم لیپرسینەوەو دادگای کردنی یاساو ویژدانی ئینسانیمان. کەواتە ئەگەر ڕۆژنامەی هەوالیش خۆی لەبەرەیەکی شارستانی و مەدەنیدا دەبینیتەوە ئەوا پیویستە زۆر بە دیقەت بیت لە بلاوکردنەوەی هەر بابەتیک و بیریان لەوە کردبیتەوە کە سەرئەنجام پەیامی ئەو بابەتە دەیەویت ئاو بە ئاشی کام داب و نەریت و فەرهەنگی کۆمەلایەتی و ئەقلیەتدا بکات . بەدلنیای بلاوکردنەوەی بابەتیک و دوان ناتوانیت بێتە پیوانەی بەرەو کوێ چوونی هیچ ڕۆژنامەو بلاوکراوەیەک بەلام جیگەی خۆیەتی کە ئاسۆ تا ئەو شوینەی خۆی بە دەنگیکی شارستانی دەبینیتەوەو چاوەریش دەکات کە خەلکیش ئەو چاوەروانیەیان لی هەبیت ، ئەوا پیویستە وردبین بێ لەوەی کە ڕۆژنامەکەی نەبێتە بلندگۆی ڕەوشت و داب و نەریتێک کە هێمایە بۆ بەهێزکردنی کۆنەپەرستی و پێشیل کاری ماف و ئازادیەکانی ئینسان .

**ڕونکردنەوەیەکی کورت : ئەم ووتارە زیاتر لە هەفتەیەکە نێردراوە بۆ ڕۆژنامەی ئاسۆ ... بەلام بەدوای بلاونەکردنەوەیان لە دوو ژمارەی رابردودا، بە پیویستمان زانی لە ڕێگەی ترەوە بیخەینە بەردەست خوینەران !**

**رییوار عارف** 2005 / 9 / 14